
ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
75
10 ی کانونی دووەم/ جەنیوەری 2024



# ئایندەی حکومەتی هەرێم!

**موحسین کەریم**

ماوەیەکە پرسی کۆتاییهاتنی ئەوەی پێی دەڵێن "قەوارەی هەرێم" لەئاستێکی فراوانی میدیایی و بگرە جەماوەریدا قسەی لێدەکرێ. تەنانەت سیاسەتمەدارەکانی بۆرژوازی دەسەڵاتداری کورد، بەجۆرێک مەترسیەکانی خۆیان لەوبارەوە ناشارنەوە. گۆڕانکاریە سیاسیەکانیش بەو ئاراستەیەدا ڕێچکەیان بەستوە کە ئاماژەیەکی لەوجۆرە بەرجەستە دەکات.

حکومەتی ناوەندی ڕۆژدوای ڕۆژ فشارەکانی بۆ پەڕوباڵکردنی دەسەڵاتدارانی هەرێم و حکومەتەکەیان زیاتر دەکات. لە بڕیارەکانی دادگای فیدرالیەوە دژ بە حکومەتی هەرێم بگرە تا بڕینی سەرچاوە داراییەکانی حکومەتی هەرێم لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە، تا بڕینی بەشە بودجەی هەرێم و ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بەشێوەی قەرز و ئەویش دوای ئەوەی کە چەندینجار دەبێ وەفدی حکومەتی هەرێم دەستەودامێنی بەغدا بێت، ئەمانە گۆشەو کەناری ئەو دۆخە بەیان دەکەن کە حکومەتی هەرێم ملی پێوەناوە یاخود دروستر بڵێم ناچارکراوە ملی پێوەبنێت!

بەڵام ئەم دۆخە بۆچی بەم ڕۆژە گەیشتوە؟ بۆچی حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتدارانی پارتی و یەکێتی، کە ماوەی زیاتر لە ۳۰ ساڵە فەرمانڕەوای بێڕکابەری هەرێم بوون و بگرە بۆ نزیکەی دەیەونیوێکیش دەسەڵاتداری موتڵەقی کەرکوک بوون، ئەوە سەرەڕای ئەوەی پێگەی گرنگیشیان لە دەسەڵاتی ناوەندا بەدەستەوە بوو، سەرباری

بۆ لاپەڕە ٢

## ڕێکخراوبوون و بەهرەمەندبوون لە ئاسۆی سیاسی شۆڕشگێڕانە گرنگترین چەکی دەستی جەماوەرە بۆ گەیشتن بە ماف و ئامانجەکانی!



## دەوڵەت وەک سەرچاوەیەک بۆ نەبوونی ئاسایش!

**عوسمانی حاجی مارف**

بۆ لاپەڕە ٣



## نوێنەری حزبەکانی ناسیۆنالیزمی کورد لە عیراقی نوێدا !

**مستەفا باهیر**

بۆ لاپەڕە ٥

## بنبەستی ئەمریکا و ئیسرائیل هاوکاتی وێرانکەرترین بۆردومان لە مێژوودا!

**عوسمانی حاجی مارف**

بۆ لاپەڕە ٦



## حکومەتی ئیسرائیل و بنبەستی ڕێگاچارە!

**نوری بەشیر**

بۆ لاپەڕە ٨



## دەنگی ناڕازی تا سەر کپ ناکرێ!

**جەمال موحسین**

بۆ دوا لاپەڕە

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی........ئایندەی حکومەتی هەرێم!

ئەوەی کە کۆنترۆڵی داهاتی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆیان کردبوو، بە فرۆشتنی نەوتیشەوە، لە داهاتی بەغداش بەشێوەیەکی سەخاوەتمەندانە بەشی خۆیان پێدەدرا، بۆچی ئێستا رۆژیان بەم رۆژە گەیشتوە!؟ بۆچی وایان لێهاتوە، نەک بەرامبەر بە دەسەڵاتی ناوەند زەلیل و چاولەدەست و ریسوا بوون، بەڵکو بەرامبەر بە خەڵکی کوردستانیش بێزراو و رەزاگران بوون بەجۆرێک کە کەم کەس هەیە ئاوات بە مەرگیان نەخوازێ!

بەسادەیی دوو هۆکاری سەرەکی هەیە:
یەکەمیان؛ ئەوەیە کە یەکێتی و پارتی وەکو دوو هێزی سەرەکی ناسیۆنالیزم و بۆرژوازی کورد، کە ساڵانێکی زۆر بەناهەق خۆیان وەکو بەرگریکار لە ماف و خواست و ئاواتەکانی خەڵکی کوردستان بۆ رزگاری لەدەست ستەمی نەتەوایەتی کە لەلایەن رژێمە شۆڤێنسیتە عەرەبیەکانی عێراقەوە بەسەریاندا سەپێنرابوو، وە بۆ گەیشتن بە ئایندەیەکی سیاسی کە مافەکانیان لە ئازادی و ژیانێکی شکۆمەند و خۆشگوزەران مسۆگەر بێت، کاتێک دەسەڵاتیان گرتە دەست نەک ئەو ئاواتەیان بۆ نەهێنانەدی، بەڵکو لەسەر حسابی خوێن و رەنج و قوربانی ئەوان دەسەڵاتێکی نایەکسان و چەوسێنەریان دامەزراند کە سەرۆک و بەرپرسەکان و خێزان و کەسوکار و حاشیەکانیان سامانی خەیاڵیان بۆخۆیان کۆکردەوەو خەلکیشیان لەناو هەژاری و بێکاری و بێمووچەیی و بێخزمەتگوزاری و بێکارەبایی و بێئاوی و بێنەوتی و لەبەریەک هەڵوەشاندنی خزمەتگوازری تەندروستی گشتی و خوێندنی گشتی و .....لەناو باج و سەرانەدا نقوم کرد و ئەوەشی کە رژێمە سەرکوتگەرەکانی عێراق لە خزمەتگوزاری بۆی فەراهەم کردبوون لەنێویان برد.

دووەمیشیان ؛ ئەوەیە کە ئەم حزبانەی کوردایەتی لەگەڵ گێژەڵوکەی هێرشی سەربازی ئەمریکادا بۆ سەر عێراق لەچوارچێوەی ستراتیژی ئەمریکا بۆ دامەزراندنی دنیای یەک جەمسەری دوای روخانی بلۆکی رۆژهەڵات، لەساڵی ١٩٩١ دا دەسەڵاتی کوردستانی عێراقیان درایە دەست و دواتریش هەر لەدرێژەی هەمان ستراتیژدا لەساڵی ٢٠٠٣ لەدەسەڵاتی عێراقیشدا پێگەیەکی گەورەو زۆر زیاتر لە قەوارەی خۆیان لەلایەن ئەمریکاوە پێدرا. ئەوان لەخێروبەرەکەتی سیاسەتی جەنگخوازی و ملهوری سەربازی ئەمریکا لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خواردیان و سامانیکی خەیاڵیان بۆخۆیان کۆکردەوە. بەڵام شکستی سیاسەتی جەنگخوازی ئەمریکا لە ناوچەکەو سەرەولێژبونەوەی دەورو کاریگەری ئەمریکا لە عێراقدا، بێبایەخبوونی نەخش و پێگەی سیاسی ناسیۆنالیزمی کوردی بەدوای خۆیدا هێنا. بەوجۆرە، ئەوەی کە بەهۆی پشتیوانی ئەمریکاوە بەدەستیان هێنا، ئێستا ئیتر ئیمکانی بەدەستهێنان و بگرە پاراستن و ڕاگرتنیشیان نەماوە.

ئێستا ئیتر ئەو رێکەوتنەی لەسەر دەستی ئەمریکادا بۆ دابەشکردنی پاداشتەکانی ئەمریکا لەنێوان خۆیاندا کردبوویان، لەبەریەک هەڵوەشاوەتەوە. هەر حزبە بەکردەوەو دیفاکتۆ خەریکی ئیدارەکردنی زۆنی ژێر دەسەڵاتی خۆیەتی و هەریەکەیان بەشوێن سیاسەتێکەوەن کە خۆیانی پێدەربازبکەن. یەکێتی ئومێدی بە ئێران و رێکەوتن لەگەڵ بەغدا بەستوە تا دەسەڵاتەکەیان لە فەوتان رزگاربکەن و پارتیش هێشتا ئومێدی خۆی بەو بنکە سەربازیەی ئەمریکاوە لە هەریر بەستوە تا بەڵکو لە داهاتووی سیاسی عێراقدا پێگەیەکی گونجاوی بەنیسب بێت!

بەوجۆرە یەکێتی و پارتی وەکو دوو حزبی بزوتنەوەیەکی بۆرژوازی کۆنەپەرست، کە بەڕاستی نوێنەری ئاوات و ئومێدە سیاسیەکانی خەڵکی کوردستان نەبوون بۆ ئازادی و خۆشگوزەرانی و ژیانێکی شایستەو یەکسان بۆ سەرجەم هاوڵاتیانی کوردستان، وە خەڵکی کوردستان لەپێناو ئازادی و ژیان و گوزەراندا کەوتنە بەرامبەریەوەو بگرە خوازیاری روخاندیانن، وە لەلایەکی دیکەوە پشتیان بە هێزێکی ئیمریالیستی وەکو ئەمریکا و ستراتیژی ڤێزەونانەو جەنگخوازانەی بەستبوو بۆ گەیشتن بەدەسەڵات، بۆیە بە لەدەستدانی ئەو دوو فاکتەرە؛ واتە خەڵک و ئەمریکا، ئێستا وەکو پۆڕی خوراویان لێهاتوە بەرامبەر بە حکومەتی ناوەند!

★

ئۆکتۆبەر

ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ڤایبەر: 07700475533

مۆبایل:0044(0)7394013135

Muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
**جەمال موحسین**
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com

# دەوڵەت وەک سەرچاوەیەک بۆ نەبوونی ئاسایش!

عوسمانی حاجی مارف

لە هەر شوێنێ هەرەشە لە ئاسایش و سەقامگیری بکرێت و ناجێگیری ببێتە واقعیەتی بەردەوامی ژیانی هاولاتیان، دەبێتە هۆی لەدەستدانی متمانەی تەواو بە دەوڵەت و دامودەزگاکانی، یان بەشێوازێکی تر ئەتوانین بڵێین هەمان ئەو دامودەزگایانەی ئەو دەوڵەتە، بەشێکی هەڵسوراو دەبن لە خولقاندنی مەترسی و نائەمنی لەسەر هاولاتیان.

بەدوای روخانی حکومەتی بەعسی ناسیونالست، ئەو حکومەتەی سێ دەیە زیاتر سەرچاوەی مەترسی و نائەمنی بوو لەسەر ژیانی دانیشتوان، بەڵام کاتێ لەرێگەی داگیرکاری ئەمریکاوە کۆتایی بەدەسەلاتی هات، کۆمەڵێک هێزی قەومی و ئیسلامی و تائفی میلیشیایی جێگایان گرتەوە کە بوونە مایەی سەرلێشێواوی سیاسی و توندوتیژی کە دوبارە درێژەیان دا بەنەبونی ئاسایش و ناجێگیری سیاسیان لە شێوازێکی تردا وەکو شێوازی حکومەتکردن پەرە پێدا. لەهەمانکاتدا مایەی ئەوپەری تراژیدیاو کارەسات و گاڵتەجاریە کە ئەم داگیرکاریەی ئەمریکا لەژێرناوی دژی سەرکوتی بەعس و سەدامدا، کراوەتە بانگەوازی پرۆسەی دامەزراندنی سیستمی سیاسی دیموکراسی لە عێراقدا. دیارترین نمونەکانی بەردەم گواستنەوەی ئەم دیموکراسیە لە عێراقدا لە وێنەی دەوڵەتدا، گەندەڵی بەربلاوو جەردەیی و دزی و قۆرخکردنی سەرمایەو دەسەلاتی سیاسیە بەهێزی میلیشیا، لەهەمانکاتدا مایەی ئەوپەری بێدەربەستی و نابەرپرسیاریەتیە بەرامبەر ژیان و گوزەران و ئاسایشی دانشتوان.

دیموکراسی تەنها بۆ ئەوەیە لەم هەلومەرجە پڕ گێژاوە سیاسیەدا، هەرچۆنێک بێت چەند ساڵێ جارێک رێژەیەک لە دانیشتوان کێشکەن بۆ دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا، بۆ رەسمیەتدان بە دەسەلاتی میلیشیاکانیان. هەڵبەتە ئاراستەی ئەمریکاو رۆژئاوا وەک هێمای گواستنەوەی بانگەوازی دیموکراتیزمن بۆ ئەو شوێنانەی داگیری دەکەن، دیمان کە لەم نمونەیەی دەسەلاتی سیاسی وەک عێراق باشتری لێ سەوز نابێت.

عێراق لە ٢٠٠٣وە، بەدەست گرژی سیاسی و خولقاندنی کێشمەکێش و توندکردنەوەی فەزای تائیفیەوە دەناڵێنێت کە حکومەتی عێراقیش هەر لەو چوارچێوەیەدا خۆی بە دەسەلاتی بەشبەشێنە پێناسەکردوە، کە بێجگە لە نەبونی ئاسایش و رودانی کارەسات و بارگرانی گوزەران، لەهەمانکاتدا هەناسەی ئازادی سیاسی و ئازادی بیروباوەڕ بووە بەژێر دەست و پێی هێژمونی ئیسلامی سیاسی و شەری تائفی هێزە میلیشیاکانەوە.

لەهەمانکاتدا پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەند لەسەر بنەمای ئاستی نفوزو هاوسەنگی هێزە میلیشیاکان و سەوداو مامەڵەی سیاسی نێوان لایەنەکان بەرێوەدەبرێت و هاوولاتی بون مانایەکی نەماوە. ئەوەش لەئاکامدا ئەوە دەسەلمێنێت کە هاوولاتیان درک بەوە دەکەن بەراستی بە هیچ جۆرێک بەشدارنین بۆ دەخالەت و بریاردان لەسەر چارەنوسی سیاسی وژیانی رۆژانەی ئێستایان. لەهەمانکاتدا یاری بە چارەنوس و ژیان و موچەکانیان دەکرێت. دەنگدانیش لە هەڵبژاردنەکاندا تەنها بەکارهێنانی کردارێکە بۆ بە فەرمی ناسینی ئەو دۆخە دژوارو گەندەڵخانەیەی کە پێیان دەڵێن حکومەتی فیدراڵی عێراق وحکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو حکومەتەی کە لە رێرەوی زیادکردنی رێژەی بێکاریە و ئاستی فراوان بونەوەی هەژاری بەرز رادەگرێت بە شێوازێکیتر ، هەژاریش نەبونی ئاسایش بەرجەستە دەکاتەوە، هەر ئەمەشە کە ماناو پێناسەی پرۆسەی دامەزراندنی دیموکراسیە لە عێراقدا، لەژێر پەردەی پشتیوانی ئەمریکاو رۆژئاوادا مۆردەکرێت و بە دەخالەتی راستەوخۆی کۆماری ئیسلامی بەرێوە دەبرێت، کۆمارێکی ئیسلامی کە خۆشی وەک دەوڵەتێک گەورەترین سەرچاوەی سەپاندنی نەبونی ئاسایشە لە ئێران و عێراق و ناوچەکەدا.

لە گۆرەپانی سیاسی عێراق و کوردستاندا رووداوەکان بە هۆی یەکتربرینی زۆر فاکتەرەوە خێراتر دەبن، کە وا دەکات هەموان هەست بە نیگەرانی و دڵەراوکێ بکەن، بەتایبەتی بەدوای شەری غەززەو وێرانبونی غەززە، واپێدەچێت کە ئەگەری رودانی کارەساتەکان زیاتربێت و رواڵەتی کاریگەریەکانی لەسەر ناوچەکەو عێراق دەرکەوێت، بۆیە پریشکی ئەو شەرەی غەززە، ئومێد بە ئاسایش و سەقامگیر لە عێراق زیاتر دور دەخاتەوە، هەروەها کاریگەری گۆرانکاریەکان و پیادەکردنی نەخشەی میلیتاریزمی ئەمریکا لە ناوچەکەدا زیاتر بەلای ناوەرۆکی پرۆسەی گواستنەوەی دیموکراسی ئەمریکاو رۆژئاوا بە نەرێنی و قێزەون شیدەکاتەوەو پێویستە لایەنی دژی مرۆڤایەتیەکەی باش بناسین، ئەتوانین بڵێین دەوڵەت بەناوی دیموکراتیەتیشەوە مانایەکی نیە بۆ دابینکردنی ئاسایش.

سیاسەتمەدارانی لایەنە سیاسیەکانی بالادەست لە عێراق و کوردستان،

سەرەڕای هەوڵدانی هەرلایەنێکیان بۆ گەڕان بەدوای تروسکایی هیوایەکدا کەوەک پاڵەوانی یەکلاییکەرەوە بناسرێن، لە ناوەڕاستی قەیرانە یەک لە دواییەکاندا، بەردەوامن لەڕاڕایی و بڕیارە جیاوازەکانیان، لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندی پێگەو نفوزی سیاسیاندان، نەک دامەزراندنی جێگیری سیاسی.

گێژەڵۆکەی سیاسی بە پرسیارێکی دووبارەبووەوە خۆی دەسەپێنێت، ئاخۆ کێ لە شەڕی غەززەدا سەردەکەویت؟، دوای شەڕ، هێزی سەرکەوتو چۆن سەرکردایەتی ناوچەکەو دۆخەکە دەکات؟ سیاسەتمەدارانی لایەنەکانی باڵادەست لە حکومڕانیدا وا دەردەکەون وەک ئەوەی یاری مار و پەیژە بکەن، لەو شوێنەی کە هەندێکیان بەرز دەبنەوەو هەندێکی تریش دادەبەزن، ئەمەش وا دەکات شێوازی حوکمڕانی لە بازاڕی دۆلارەکە بچێت، لە چۆنیەتی مامەڵەدا هونەری قازانج و زیان پێچیدەو نادیارە، نە دەوڵەتی ئەمریکا و نە دەوڵەتی ئیسرائیل و نە ئێران و نەعیراق بەهیچ جۆرێک ئاراستەی جیگیر سیاسی لە پەیوەند بە مامەڵەی کێشەی فەلەستینەوە ناکەن.

کۆمەڵگا لە دۆخێکی چەقبەستووی ناکۆکی نێوان هاووڵاتیان و بەرپرسەکاندا دەژی، لەمەترسی تەشەنەی شەڕەکە بۆ ناوچەکە سەرسام ماون، ئیسلامیەکان و بەرپرسەکانیش لە دوڕیانی شەڕی داگیرکاری ئیسرائیل و میلیتاریزەی ئەمریکادا خۆیان دەکەنە خاوەنی بەرەنگاری، لە هەر ڕووداوێک چاودێری دەکرێت و بەدوای نیشانەکانی سەرکەوتن یان شکستدا دەگەڕێن. تەحەدای سەرەکی هەر ئەوەیە کە گەڕان بەدوای هاوسەنگی لەدەرەوی دەوری دەوڵەتەکان و بەرژەوەندی لایەنە ئیسلامیەکان، پێویستە لەبەرژەوەندی گشتی کاری لەسەر بکرێت، کەڕەنگدانەوەی جەنجاڵی واقیعی سیاسی ئێستا پێویستی بە خرۆشانی جەماوەریە بۆ کردنە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە.

لەناو ئەم چوارچێوە ئاڵۆزەدا دەبێت خەڵکی عێراق بپرسێت و بە دوای ڕێچکەیەکی واقیعی بۆ گەیشتن بە گەشەپێدان و سەقامگیری و دابینکردنی ئاسایش بگەڕێت. لێرەدا ڕۆڵی هاوڵاتی هۆشیار دێتە ئاراوە لە بەرامبەر دەوڵەتدا، کە ئاواتەخوازە داهاتویەکی باشترو داوای گۆڕانی بنەڕەتی لەڕوانگەی سیاسیدا دەکات. گۆڕانی ڕاستەقینە تەنیا لەڕێگەی تێگەیشتن لە دۆخەکە و بەشداریکردنی بەردەوام لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی و هەڵگیرسانی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی دەبێت. بۆیە دەورو دەخالەتی هاوڵاتی پێویستە هاوبەشێکی کاراو بەکۆمەڵ و سەراسەری و ڕێکخراو بێت لە دارشتنی داهاتووی خۆی و دەور و دەخالەتی لە دەسەڵاتی سیاسیدا.

هەروەها پێویستە فشار بخرێتە سەر دەسەڵاتداران ئەوەیان بەسەردا بسەپێنرێت و لەوە تێبگەن کە گوێگرتن لە داخوازیەکانی هاووڵاتیان و وەڵامدانەوەی خواستەکانیان گەیشتنە بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بنەمای سەقامگیری ووڵات پێکدەهێنێت، کاتێک بڕیارەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هەموو دانیشتوان بن و مانای گەشەسەندنی بەردەوام بەخۆیەوە ڕاگرێت، ئارامی و ئایندەیەکی باشتر و پێشڕەوانەتر لەگەڵ ڕەوتی ڕوداوەکان بەدوای خۆیەوە دەهێنێت، بەڵام ئەوەی دەسەڵاتداران لە عێراق و کوردستان پیادەی دەکەن، نمونەی ئەزمونێکە یەک زەرە هەست بە بەرپرسیاریەتی تیا بەدی ناکرێت و بەتەنگ هیچ جۆرە چاکسازیەکیشەوە نین، کە بۆنی ئاسایش و مرۆڤایەتی پێوە بێت، بۆیە تەنها ڕێگا، کردنەدەرەوی هێزەکانی ئەمریکا و ڕوخانی دەسەڵات و ڕێکخستنی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی کەچارەنوس و ئایندەی کرێکارو خەڵکی زەحمەتکێش ساغ دەکاتەوە.

گفتوگۆکردن سەبارەت بە ئایندەی سیاسی عێراق و کوردستان و گۆڕانکاریەکانی لەپەیوەند بە کۆتاییهێنان بەدەسەڵات کە خواستێکی ڕاستەقینەیە بۆ گۆڕینی هەلومەرجی ئێستا، هەوڵدانە بەرەو دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسی کە بەڕاستی ڕەنگدانەوەی خواستەکانی هاوڵاتیان بێت، دامەزراندنی دەسەڵاتێک لەسەر بنەمای دەورو دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵک بەڕێوە بەرێت و لە ڕێرەوی بەدەستهێنان و داسەپاندنی ژیانێکی باشتردا هەنگاو بنێت، بە مەرجی مسۆگەرکردنی یەکسانی تەواوی هاوڵاتیان.

زۆرێک لە میلیشیا شیعەکان بەشێکن لە حکومەتی ئێستای عێراق - پێگەیەک کە دوای ساڵانێک لە بەکارهێنانی چەکەکانیان، پشتیوانیە لە کۆماری ئسلامی ئێران، وەک زۆربەی میلیشیا شیعەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خۆیان بە بەشێک لە بەرەنگاری دژە ئەمریکی و دژە ئیسرائیل ڕاگەیاندووە، وەک حزبوڵای لوبنان، بوونەتە ئەکتەری باڵادەست لە سیاسەتی وڵاتەکەداو داوای چونەدەرەوی هیزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە دەکەن، بەردەوامن لە چەسپاندنی خۆیان و چنینەوەی سەروەت و سامانی عێراق و هەوڵدان بۆ قۆرخکردنی دەسەڵات و ناوەندکردنەوەی حکومەتی عێراق و کۆتایی هێنان بە قەوارەی هەرێم، تەواوی ئەم سیناریۆیانە لە عێراق و لە کوردستان لەڕێگەی هاتنە مەیدانی خرۆشانی جەماوەریەوە دەبێت کۆتاییان پێ بهێنرێت، دەبێت دەرگای پێکهێانی هەرجۆرە حکومەتێک بەڕویاندا داخرێت، کە سەرچاوەیەکی مەترسین لە بەرامبەر ئاسایش و سەقامگیریدا.

★

**سیاسەتبازەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی دۆستی درۆینەی ئێوەن و کاریان پاراستنی دۆخی ئێستایە لەزەبری تورەیی و شۆڕشی ئێوە بەناوی دژایەتیکردنی ئەو دەسەڵاتەو حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە!**

# نوێنەری حزبەکانی ناسیۆنالیزمی کورد لە عیراقی نوێدا !

## مستەفا باهیر

لەدوای ئەوەی هێزی هاوپەیمانان توانیان لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣ دا، حکومەتی بەعس بە سەرۆکایەتی "صدام حسین" بروخێنن، عێراقی نوێ لەسەر بنەمانی تایفی و قەومی و پشک پشکێنە دروستکرا. بەپێی ئەم دابەشکردنە لە ٥٠٪ پۆستەکان درا بەشیعەو لە ٢٥٪ بۆ سونەو لە ٢٠٪ بۆ کوردەکان و لە ٥٪ یش بۆ ئەوانیتر. حزبەکانی ناسیۆنالیزمی کورد دەورێکی بالایان هەبوو لە دروستکردنی عێراقی نوێدا، بەناوی کوردەوە لە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقدا بەشدار بوون و کۆمەڵێک پۆستی بالایان وەرگرتوە. بۆنمونە پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق هەمیشە لای نوێنەرانی کورد، بەتایبەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بووە، چوارکەسی سەر بەم حزبە ئەو پۆستەیان وەرگرتوە. هەروەها تاوەکو ئێستا حزبەکانی ناسیۆنالیزمی کورد زیاتر لە ٤٠ پۆستی وەزاریان وەرگرتوە، زۆربەی کات پۆستی "وەزیری دەرەوە و ، وەزیری دارایی" لای نوێنەری ئەم حزبانە بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بوە. لە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عیراقدا نوێنەرانی ئەم حزبانە چەندینجار پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقیان وەرگرتوە. هەروەها بەهاوکاری حزبە ئیسلامیەکان لە ساڵی ٢٠٠٣ وە تاوەکو ئێستا واتە لە ماوەی ئەم ٢٠ ساڵەدا زیاتر لە ٤٣٠ کەسیان لە ئەندام و هەوادارانی خۆیان ناردوەتە بغداد و بوون بە ئەندام پەرلەمان، بۆ جارێکیش پۆستی سەرۆکی پەرلەمان لای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بووە. ئەمە بێجگە لە وەی کە چەندین پۆستی جێگری وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی و سوپاسالارو فەرمانبەری پلە بالای سەربازیان وەرگرتوە.... .تاد . ئەمانە مانگانە موچەیەکی زۆر باش وەردەگرن، بەناوی ئەوەی بەرگری لەخەڵکی هەژاری کوردستان دەکەن و نایەڵن ئەو کارەساتانەی کە لەحکومەتەکانی پێشودا بەسەر خەڵکی هەژاری کوردستاندا هاتوە دووبارە بێتەوە. بەڵام ئەگەر سەیرێکی کارو کردەوەی ئەم حکومەتە "نوێیەی عێراقیش" بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە ئەمانیش وەکو باقی حکومەتەکانی پێشوتری خۆیان، هەر لە" عبدالکریم قاسم " ەوە تا "صدام حسین " هەمیشە لەسەرەتاوە کاتێک کە پێویستیان بە ئارامیی و سەقامگیری هەبوە، بۆئەوەی بتوانن دەسەلاتی خۆیان لە عێرق بسەپێنن، لەگەڵ حزبەکانی ناسیۆنالیزمی کورد ڕێکدەکەون و پارەیەکی باش و کۆمەڵێک پۆستی باشیان دەدەنێ. کاتێکیش کە بەهێزدەبن، دەسکەوتەکان لە حزبەکانی ناسیۆنالیزمی کورد وەردەگرنەوە و کێشەو ناکۆکی دەکەوێتە بەینیان و باجەکەی خەڵکی عێراق بەگشتی و خەڵکی هەژاری کوردستان بەتایبەتی دەیدات. نمونەی ئەنفال و کیمیاباران و تەعریب و سێدارەو ئاوارەیی و......تا. هەموو ئەمانە ئەنجامی کێشەو ناکۆکی بەینی حزبەکانی ناسیۆنالیزمی کورد و حکومەتی ناوەند بووە. حکومەتی نوێی عێراقیش کە شیعەکان گەورەترین هێزن تیایدا، وەک باقی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق، لەسەرەتاوە زۆر لەگەڵ حزبەکانی ناسیۆنالیزمی کورد ڕێکبوون و پارەو ئیمکاناتی باشیان خستوەتە بەردەستیان، کاتێکیش حکومەتی ناوەند یاخود حزبە شیعەکان بەهێز دەبن دووبارە وەکو دەسەلاتدارانی پێشوی عێراق پەلاماری خەڵکی هەژاری کوردستان دەدەن. بۆنمونە ، لە ١٦ ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بەفەرمانی "عەبادی" سوپای عێراق هێرشی کردە سەر کوردستان و کۆمەڵێک ماڵی هاولاتی کورد زمانی سوتاندو ژمارەیەکی زۆریش ئاوارە بوون تاوەکو ئەم ساتە بەشێکیان هەر ئاوارەن. مادەی ١٤٠ کە دەبوایە لە ساڵی ٢٠٠٧ کۆتایی بهاتایە، بەڵام تاوەکو ئێستا کۆتایی نەهاتوە، هەرلایەک بەهێزبێت لاکەی تر لە زەوی وماڵی خۆی دەردەکات، وا بۆ جارێکی تر ئەو کێشەیە سەری هەڵداوەتەوە ڕۆژانە لەبەینی" کورد، عەرەب، تورکمان" لەسەر ئەو زەویانە کێشە هەیە. لە ساڵی ٢٠١٤وە تاوەکو ئێستا موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بێمووچەن ، بەهۆی کێشەی سیاسی بەینی حزبەکانی ناسیۆنالیزمی کورد وحکومەتی ناوەندەوە ، کێشەی وەرگرتنی مووچەیان هەیە و تائیستا چارەسەر نەکراوە. هەر لەم ڕۆژانەدا سوپای عێراقی بەهێزی سەربازی لە گەڕەکی نەورۆزی شاری کەرکوک، ماڵە کورد زمانەکانی دەردەکردو ماڵی عەرەب زمانی دەخستە شوێنیان کە ئەمەش دەبێتەهۆی قوڵبونەوەی کینەی قەومی لەبەینی نەتەوە جیاوازەکاندا.

بەکورتی دەمەوێت بڵێم لەوکاتەوەی کە حکومەتی ناوەند بەهێز بوە و هێرش دەکاتە سەر خەڵکی هەژاری کوردستان، دەمەوێت بپرسم ئایا حزبەکانی ناسیۆنالیزمی کورد و نوینەرەکانیان چ هەڵوێستێکیان هەبوە ؟ ئایا نوێنەرانی ئەم حزبانە لەماوەی ئەم ٢٠ ساڵەدا چی دەسکەوتێکیان بۆ خەڵکی

هەژاری کوردستان هەبوە؟ ئەگەر ئەمانە نەبونایە خەڵکی هەژاری کوردستان چی لەدەستدەدا؟ بێگومان وەڵام ئەم پرسیارانە ئەوەیە کە حزبەکانی ناسیۆنالیزمی کورد و نوێنەراکانیان هیچ دەسکەوتێکیان بۆ خەڵکی هەژاری کوردستان نەبووە نابێت، هیچکات لەسەر ئەو زوڵمەی کە حکومەتی ناوەند دەیکات لەخەڵکی کوردستان نەک هەر دەنگیان نەبوە بەڵکو ئەوانیش یەکێک بوون لەهۆکارەکانی ئەو زوڵمە، بەهۆی درزینی سەروەت وسامانی کوردستان و عێراق بۆ خۆیان و دەستو پێوەندەکانیان. خەڵکی هەژاری کوردستان دەبێت باش بزانن کە حزبەکانی ناسیۆنالیزمی کورد و نوێنەرەکانیان لە حکومەتی عێراقدا هیچکات بەتەنگ کێشەو گیروگرفتەکانی خەڵکی هەژاری کوردستانەوە نین، ئەوان تەنها دەیانەوێت مووچەو پلەو پۆستەکانیان پارێزراو بیت، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان خۆیان لە دەسەڵاتدارانی ناوەند نزیک بکەنەوە تا پلەو پۆستی زیاتر وەرگرن. حزبەکانی کوردایەتی و نوێنەرەکانیان لە عێراق هیچکات کێشەیان نیە، مووچە خۆرانی کوردستان بێمووچەن ، کێشەیان نیە، جووتیارانی کوردستان پارەی گەنمەکەیان وەردەگرن یان نا ، کێشەیان نیە، خانەنشینێکی عێراقی دوو هێندەی خانەنشینێکی کوردستان وەردەگرێت ، کێشەیان نیە. خانەنشینی بەتەمەن لەسەرەی مووچەدا دەمرێت، کێشەیان نیە. کە خەڵک تاوەکو ئێستاش ماڵەکەی بە سوتاوی ماوەتە ، کێشەیان نیە. کە کوردزمان لە کەرکوک لە لایەن سوپاوە لەماڵەکەی خۆی دەکرێتەوە درەوە. بۆیە نە ئەو حزبانە نە نوێنەرەکانیان ، نوێنەرایەتی خەڵکی هەژاری کوردستان ناکەن.

بۆیە دەبێت کرێکاران و زەحمەتکێشان، مامۆستایان، مووچەخۆران بەقەدەر سەرە دەرزیەک باوەڕیان بەوە نەبێت کە لەڕێگای نوێنەرانی ئەم حزبە کوردیانەوە ژیان و گوزەرانیان باشبێت، نە حکومەتی عێراقی مەبەستیتی ژیانو گوزەرانی خەڵکی کوردستان باشکات، نە ئەو نوێنەرانەش لە هەوڵی ئەوەدان.

تەجروبەی ٢٠ ساڵەی نوێنەرانی حزبەکانی ناسیۆنالیزمی کورد و حکومەتی ناوەند ئەو ڕاستیەیان سەلماندوە کە نەیانتوانیوە هیچ سودێکیان بۆ خەڵکی بەشمەینەتی عێراق و کوردستان هەبێت. نابێت باوەڕمان بە قسەو بەڵێنەکانیان هەبێت. بۆیە ئەگەر"کرێکاران، خەڵکی هەژاری کوردستان، فەرمانبەران، مامۆستایان، قوتابیان"......تا. دەیانەوێت ژیانیان باشبێت، موووچەکانیان لەکاتی خۆیدا وەرگرن، خزمەتگوزاریەکانیان باشبێت وئاوکارەبایان هەبێت، بیمەی بیکاری و تەندروستیان هەبێت و دەرگای قوتابخانەکانیان کراوەبێت، دەبێت کۆتایی بەم سیستەم و دەسەڵاتە بێنن. تەنها لەڕێگای ڕاماڵینی ئەم دەسەڵاتەوە، خەڵکی کوردستان دەتوانن خۆشگوزەران بژین. بۆ کۆتاییهێنان بەم دەسەڵاتەش دەبێت خۆمان ڕێکخراوکەین و شوراو ڕێکخراوەکانی خۆمان لە شوێنی کارو ژیانمان دروست بکەین و لەگەڵ هاوچینەکانمان لە عێراقدا هاو ئاهەنگ بین.

# بنبەستی ئەمریکا و ئیسرائیل هاوکاتی وێرانکەرترین بۆردومان لە مێژوودا!

## عوسمانی حاجی مارف

لە ماوەی سێ مانگدا، دەستدرێژی داگیرکەری ئیسرائیل بۆ سەر غەززە، بە جینۆسایدێکی بێوێنە ئەژمار دەکریت، بۆردومانەکەی ئیسرائیل وێرانکاریەکی گەورەتری لەوەی ئەڵمانیا لێکەوتەوە، کە لەلایەن هاوپەیمانانەوە لە جەنگی جیهانی دووەمدا تووشی بوو.

ژمارەی ئەو فەلەستینیانەی لە غەززە بوونە قوربانی زیاتر لە ٢٢٠٠٠ هەزار کەسی تێپەڕاندووە و تا ئێستاش ئەو ژمارەیە ڕۆژانە، یان تەنانەت هەر کاتژمێرێک لە زیادبووندایە، بۆیە بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوای ئاگربەستی دەستبەجێی ئەم داگیرکاریە دەکەن.

لەنێوان ساڵانی ١٩٤٢ بۆ ١٩٤٥ کاتێ هێزەکانی هاوپەیمانان هێرشیان کردووەتە سەر نزیکەی ٥١ شار و شارۆچکەی گەورەی ئەڵمانیا، نزیکەی ٤٠% بۆ ٥٠% ی ناوچە شاریەکانیان لەناوبردووە، ئەم ڕێژەیە یەکسانە بە١٠%ی کۆی بیناکانی ئەڵمانیا، لەکاتێکدا تا ئێستا وێرانکاریەکانی غەززە کاریگەریان لەسەر نزیکەی ٣٣%ی بیناکانی هەبووە، هەڵمەتی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە، یەکێکە لە توندترین هەڵمەتی سزادان بە دژی خەڵکی مەدەنی لەمێژوودا، بێگومان دەتوانرێت بخرێتە ڕیزی یەکەمی لیستی وێرانکەرترین هەڵمەتەکانی بۆردومانی تائێستا لە جیهاندا.

ئیسرائیل وەها بانگەوازی هەڵمەتە سەربازیەکەی دەکات کە دوو ئامانجی هەبووە: یەکەم نەهێشتنی هێزەکانی حەماس و دووەم ڕزگارکردنی زیندانیەکان (نزیکەی ١٢٩ زیندانی) کە تائێستاش لەلایەن حەماسەوە دەستبەسەرن.

ئیسرائیل بانگەشەی ئەوەش دەکات کە زۆرێک لە پێگەی حەماسی وێران کردوە و سەدان تونێلی کردۆتەوە و ٧ هەزار چەکداری حەماسیشی کوشتووە، کە ژمارەیان بە نزیکەی ٥٠ هەزار چەکدار دەخەمڵێنرێت!. بەڵام هێشتا سەرکردەکانی ئیسرائیل دەڵێن تاکە ڕێگە بۆ ئازادکردنی دەستگیرکراوەکان

لەڕێگەی بەکارهێنانی فشاری سەربازیی توندترەوە بە ئەنجام دەگات!.

لەلایەکی دیکەوە بەشێک لە بنەماڵەی دەستبەسەرکراوان ترسیان لەوە هەیە کە تەقینەوەکان ژیانی ئازیزانیان بخاتە مەترسییەوە. ئەو دەستگیرکراوانەی مانگی ڕابردوو لەکاتی ئاگربەستی هەفتەیەکدا ئازادکران، ڕایانگەیاندوە، کە چەکدارانی حەماس لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەیانگوازنەوە، بۆئەوەی لە بۆردومانەکانی ئیسرائیل دوور بکەونەوە، ئاماژەشیان بەوە کردووە کە هەندێکیان لەکاتی ئەم بۆردومانەدا بریندار بوون. ئەمەش بەشێوەیەکی بەردەوام چڕی ڕەخنە ناوخۆییەکان لە سەر حکومەتی ئیسرائیل زیادی کردووە.

هەر لە یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی پاکتاوکردنی خەڵکی غەززە، ئیسرائیلیەکان و ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیان لە ڕۆژئاوا، پەرە بەو شتە دەدەن کە پێی دەڵێن "ڕۆژی دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکەیان" لەم بارەیەوە تیۆریزەی ئەوە دەکەن کە ئەتوانن حەماس لە کەرتی غەززە بە تەواوی لەناو ببەن، پاشان ئیسرائیل هەربۆ خۆی چارەنووسی حوکمڕانی لە غەززەدا دیاری دەکات. ئەم پلانە لەسەر بنەماکانی ئاوارەکردنی زۆرەملێ و کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی فەلەستین لە غەززە دامەزراوە. پاشان دەیگۆڕێت بۆ شوێنی نیشتەجێبونێکی نوێ، هەر وەک چۆن ئیسرائیل پێشتر لە قودس و کەناری ڕۆژئاوا و لە باقی ناوچەکانی فەلەستین کردبووی. بەڵام واقیعی مەیدانی سەربازی و مەیدانی شەڕ لە غەززە و باشووری لوبنان و دەریای سوور ئەم خەونەی ئیسرائیلی کردۆتە کابوسێک و بۆخۆیان دییان کە زیاتر لە ناو غەززەدا نوقم بون و چەقیون، کە پاشەکشەکردن شکستەو چونەپێشەوەشیان هەر شکستە، لەهەمانکاتدا بوو بە بەخشین و پێدانی ئیمتیازاتێک بە حەماس!.

ئیدارەی ئیسرائیل گوایە وەها کاردەکات بۆئەوەی بتوانێت هیوای دانیشتوانەکەی بەدیبهێنێت و ئاسایشیان بۆ دابین بکات، هەروەها خەونەکانی بایدنیش بەهەمانشێوە، وەک ئیدارەی ئێستای ئەمریکا تەنها لە چاویلکەی بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوە سەیری ئەو شەڕە دەکات، بۆی گرنگ نیە گەر تەواوی دانیشتوانی غەززەش لە ناوبچن، ئەمڕۆ بایدن بە پشتیوانیکردنی بۆ تاوانەکانی ئیسرائیل، بەشێوەیەکی چالاکانە دەستی بە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی کردوە، بەمەبەستی بەدەستهێنانی هاوسۆزی و دەنگی دەنگدەرانی ئەو ئەمریکیانەی لایەنگری ئیسرائیلن، هەڵبەتە لایەنگرانی ئیسرائیل ڕێژەیەکی بەرچاون.

ئەمریکا لە بڕیارەکانی پەیوەست بە شەڕی غەززەوە پشکێکی زۆری هەبووە لە زیادکردنی سەختی ئەم شەڕەدا، لەلایەکی ترەوە تەواو دەستی حکومەتی ئیسرائیلی ئاواڵا کردوە کە بۆردومانە بێوێنەکانی ئەنجام بدات، بۆیە بانگەشەی هەڵبژاردن لە ئەمریکا ڕووبەڕووی ناکۆکی و شەڕێکی سەخت بۆتەوە، جۆ بایدن لەم هەڵبژاردنەدا زیاتر لە دۆخێکی هەستیاردایە تائەوەی تەنها پشتیوانی بە لایەنگرانی ئیسرائیل ببەستێت.

ئێستا بەشێکی زۆر لە هاوپەیمانان و لایەنگرانی پارتی دیموکرات لە ئەمریکا، داوای بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی دەکەن تا دەنگ بە بایدن نەدرێت، چەندین ڕاپرسی ئاشکرایان کردووە کە ٧٠%ی دەنگدەرانی تەمەن ١٨ بۆ ٣٤ پشتیوانی لە خەڵکی فەلەستین دەکەن. پشتیوانی حکومەتی ئیسرائیل ئیتر کۆدەنگی لە نێوان خودی گرووپ و ڕێکخراوە جولەکەکانیشدا نییە. گەورەترین بەڵگەی ئەمەش بەشداریی زۆری جولەکەکان بوو لە نێوان هەزاران خۆپیشاندەردا کە لەبەردەم ماڵی جاک شوومەری سیناتۆری ئەمریکی کۆبوونەتەوە، بۆئەوەی داوای لێبکەن تا سیاسەتمەداران چیتر، هاوکاریەکانیان بۆ سوپای ئیسرائیل ڕابگرن.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە هیچ کاندیدێکی دیموکرات ناتوانێت لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت بەبێ پشتیوانی زۆرینەی دەنگدەرانی گەنج و ئەمریکیەکانی بە ڕەچەڵەک عەرەب، ئەمە جگە لەوەی جیاوازی پشتگیریکردن لە ئیسرائیل ڕژاوەتە ناو پێکهاتەکانی جولەکەکانیشەوە، پێدەچێت چاوەڕوانی بایدن بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوە، پێداگری بێت لەسەر پێشکەشکردنی پشتیوانی کوێرانە بۆ ئیسرائیل، کە لە کوشتاری بەکۆمەڵی هاوڵاتیانی مەدەنی فەلەستینی ناوەستێت، ئەم حاڵەتە دوڵی لە نێو ڕۆژئاواشدا پێکهێناوە کە وەک هاوپەیمانی ئەمریکا ناسراون.

ڕەنگە باشترین شێواز کە ئێستا لەبەردەستی سەرۆکی ئەمریکادایە، ئەگەر بیەوێت لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، دەبێت دەستبەجێ ڕێگا کوێرەکەی خۆی لە پشتیوانیکردنی ئیسرائیل بگۆڕێت وپێچەوانەی کاتەوە.

ئاشکرایە ئێستا لە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بەگشتی ئیسرائیل وەک حکومەتێکی تیرۆریستی سەیری دەکرێت، لە هەمانکاتدا ئیسرائیل بێوچان پێداگری لەسەر هەڵوەشاندنەوە و تێکدانی دەسەڵاتی فەلەستینی کردووە، ئێستاش ڕێگەی پاکتاوکردنی خەڵکی غەززەی گرتۆتەبەر، هەوڵی بەربەستکردنی ڕێبازی "چارەسەری دوو دەوڵەتی" دەدات و بانگەشەی ئەوە دەکات کە لایەنی فەلەستینی نوێنەرێکی گونجاوی نییە بۆ هاوبەشیکردن لە ئاشتیدا.

بەڵام ئەوەی دەیبینین لەناوبردنی تەواوەتی حەماس لەڕووی واقیعیەوە بووەتە مەحاڵ، لەو کاتەوە شەڕی بەربەریانەی بەردەوامی ئیسرائیل لە دژی فەلەستینیەکان لە غەززە ئەنجام دراون، وەک پەرچەکردارێک ئاماژە بەوە کراوە کە جەماوەری حەماس زیادی کردووە، بە تایبەت لە دوای ڕووداوەکانی ئەم دوایە، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی کە بزووتنەوەکە هێشتا کاریگەری و پشتیوانیەکی گەورەی لەناو کۆمەڵگەی فەلەستین وەک هێزێکی خۆڕاگری هەیە لە بەرامبەر داگیرکاری ئیسرائیلدا.

ئەوەی حەماس و باڵە سەربازیەکەی لە ٧ی ئۆکتۆبەردا کردیان، بەهەر شێوازێکی تیرۆرستی و ئەوپەڕی دڕاندانە ئەو کارەی ئەنجام دابێت، بەڵام نەک

هەر زەلیلکردنی ئیسرائیل بوو، بەڵکو لەهەمانکاتدا ئاوابونی زیاتری باڵادەستی تاک جەمسەری ئیمپریالیزمی ئەمریکیشی لێکەوتەوە کە بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی جەمسەری ئیمپریالیزمی یەکێتی سۆڤیەتەوە بەدەستی هێنابو.

پێدەچێت ئەمریکا و نەتانیاهۆ تێگەیشتبن لەوەی کە چارەسەرێکی سەربازی لە غەززەدا نییە و شکستەکەیان بووەتە گشتی و ئەمری واقع، جیهانیش بەگشتی چاویان لە ئاکامی شکستی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانە لە غەززەدا. بۆیە ئەمڕۆ بەجیا لەوەی ئەمریکا پشتیوانی لە گەورەترین وێرانکاری دەکات، لەهەمانکاتدا خەریکن شانۆگەریەکی نوێ نمایشدەکەن تا هەوڵی پەردەپۆشکردنی شکستەکەیان بدەن، لەڕێگەی یاریەکی کۆنەوە کە ڕۆژئاوا بانگەشی دەکات، ئەویش گەمەی مافی مرۆڤە، دوای کوژرانی زیاتر لە ۲۲۰۰۰هەزار کەس و وێرانکاری و ئاوارەیی، نەک گەمەی مافی مرۆڤەکەیان بەدەرد ناخوات، بەڵکو دیموکراتیەکەشیان نمونەی چارەنوسی هەمان هەڵوەشانەوەی جەمسەری یەکێتی سۆڤیەتە.

ئۆپەراسیۆنی لافاوی ئەقسا گورزێکی پڕ لە ئازار بوو لە پێگەی بەناوبانگی ئیسرائیل و هاوپەیمانانی، بەتایبەتی دوای ئەو شکستانەی کە ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە هەردوو وڵاتی ئەفغانستان و عێراقدا تووشی بوون، لە سەر چارەنوسی شەری ئۆکرانیاش بێ ئومێد وەستاون، ئەم لافاوەش سەرسامی کردن و نازانن چۆن پێگەو ئعتباری بەرەکەیان بگەرێننەوە، لە ناو گەورەترین کوشتار وێرانکاریدا شەری جەمسەرەکان دەکەن.

لە دواشیکردنەوەدا ئەگەر شەڕی ئێستای ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی لە دژی فەلەستینیەکان لە ئاکامدا نەبێتە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئازاد و سەربەخۆ و سەروەری فەلەستین و چارەسەری کێشەی فەلەستین، ئەوا پێویستە هەمووما چاوەڕوانی دەرئەنجامی خراپتر بین لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا.

★

# حکومەتی ئیسرائیل و بنبەستی ڕێگاچارە!

## نوری بەشیر

شەڕی حکومەتی ئیسرائیل بەدژی خەڵکی غەززە سێ مانگی تێپەڕاند، هێرشەکانی لە کوشتارو بریندارو کاولکاری و ئاوارەیی تابێت دەچێتەسەرەوە. ئاخرین ئامارەکانی کوشتاری خەڵکی غەززە بەرزبۆتەوە بۆ ۲۳۲۱۰ کەس کە دوولەسەر سێی کوژراوەکان ژن و منداڵن. ئاماری بریندارەکان نزیکبۆتەوە لە ٦۰ هەزار کەس، وە بە هەزاران کەس لەژێر داروپەردووی خانووە رووخاوەکانی غەززەدایە. زۆربەی ئەو شارە کاولبووەو بە هەزاران بریندار بەپێی راپۆرتی پزیشکانی بێسنوور لە کاتوسەعاتدا لەبەردەم مەرگدان. هەروەها ژمارەی ڕۆژنامەنووسە کوژراوەکانی غەزە گەیشتۆتە ۱۰۵ کەس. لە ۸۵٪ ی دانیشتوانی غەززە کە دوو ملیۆن و سێ سەدهەزار کەس بوون، ئاوارەبوون. ژمارەیەکی زۆر بەهۆی تینوێتیو برسێتیەوە بەپێی راپۆرتی یوئێن، مردوون. درێژەکێشانی شەڕو هێرشەکانی لەهەموو روویەکەوە لە بەرژەوەندی ئیسرائیلدا نیە، هەروەک چۆن راگرتنیشی لەئێستاو بەپێی فشارێک رووبەڕووی دەبێتەوە شکستێتی، ئەگەرچی وانیشاندەدات کە دەیەوێت شەڕەکەبەردەوام بێت و دامنەی فراوانبکاتەوە، بەڵا بەجیا لەزیادبوونی نارەزایەتی جیهانی و ناوخۆی ئیسرائیل بەدژی نەتەنیاهۆ و حکومەتەکەی و هاوپەیمانەکانی، ژمارەی کوژراوانی ئیسرائیلیش رۆژانە بەرزدەبێتەوە، خەرجیەکانی شەڕەکەی دەچێتە سەرەوەو داواکاری کۆمەکی جیهانیە لە هاوپەیمانەکانی. هەروەها درێژەی ئەم هەلومەرجە ئاڵۆزی ناوچەکەی زیادکردووە کەئەمەش لەبەرژەوەندی ئەمریکاو وڵاتانی رۆژئاوای هاوپەیمانی ئیسرائیلدا نیە، بۆ ئەمەش ئەنتۆنی بلینکن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەردانی ئیسرائیل و چەند وڵاتی عەرەبی کردوە.

حکومەتی ئیسرائیل لە قەیرانێکی گەورەدایە لە بەردەوامی شەڕەکەی یان وەستانیدا، لەبەرامبەر هەلومەرجی درێژەکێشانی شەڕ، کۆمەڵێک هەنگاو و پلان و بەرنامەی نوێی خستۆتە بەرنامەی کاریەوە کە ناوەرۆکی رێگاچارەی یەکلایەنەی بەرژەوەندیەکانیەتی بۆ دەرچوون لەو قەیرانەی لەم شەڕەدا بەرۆکی گرتووە. لەوانە شوێنکەوتنی سەرانی بزوتنەوەی حەماس و بەدرۆن لێدانی کەسایەتی حەماس و سوپای پاسداران و حزبوڵا، کوژرانی ژمارەیەک لە سەرانی ئێران و هێزەکانی لایەنگری ئێران، لەوانە؛ سالح عاروری، جێگری سەرۆکی مەکتەبی سیاسیی بزوتنەوەی حەماس لەباشوری بەیروت، وە کوژرانی وسام حسن الطویل لە سەرانی حزبوڵاو هەروەها کوژرانی رازی موسەوی لە سەرانی سوپای پاسداران لە سوریا، هەروەها موشەکبارانی باشوری لوبنان، بەمەبەستی فراونکردنەوەی شەڕەکەو ململانێی لەگەڵ ئێراندا.

هەروەها لەژێرناوی لەناوبردنی حەماسدا بەرنامەی کۆچی بەزۆری خەڵکی غەززەی بۆ ناوچەی سنوری نێوان میسرو ئیسرائیل لە بەرنامەدایەو بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ میسرو سعودیە و وڵاتی کۆنگۆ لە گفتوگۆدایە. بەپێی وتەی یوئاف گالانت، وەزیری بەرگریی ئیسرائیل، بەدوای کۆتایی شەڕەکەدا بەرنامەی ئەوەیان هەیە کە ئیدارەی مەدەنی کەرتی غەززە دەگوازرێتەوە بۆ دامەزراوەیەکی فەڵەستینی بۆ بەڕێوەبردنی ڕۆژانەی غەززە بەڵام لەلایەن ئیسرائیلەوە

ڕێنمایی و سەرپەرشتی دەکرێت.

لەبەرامبەر ئەو هەلومەرجەی ئیسرائیل دروستیکردوە، کێشە بۆ ئەمریکا دروستبووە، هەم وەڵامی ئیسرائیل بە موشەک دەدرێتەوە، هەم حوسیەکان و هێرشی درۆنی کێشەیەکی زۆری بۆ پاپۆڕە بازرگانیەکانی ئیسرائیل، ئەمریکاو وڵاتانی ڕۆژئاوا دروستکردوە، وە میلیشیا شیعەکانی لایەنگرانی ئێران لە عێراق هێرشە درۆنیەکانیان بۆسەر بنکەکانی ئەمریکا لە عێراق، کوردستان و ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی و لە سوریا زیادی کردووە.

لەلایەکی ترەوە نارەزایەتیەکان لەدنیادا تەنیا بەڕووی حکومەتی ئیسرائیلدا نیە، بەڵکو یەخەی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانەشی گرتۆتەوە کە هاوپەیمانی لەگەڵدا دەکەن. ئەو ریزە ملیۆنیەی لەدنیادا دێنە شەقامەکان و داوای ئاگربەستی دەستبەجێ و چارەسەری کێشەی فەلەستین دەکەن، بەرۆکی حکومەتی ئەمریکاو هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانی گرتوە کە بەدژی ئاگربەستن، ئەوەش بۆخۆی درزو کەلێنی خستۆتە نێوان حزب و حکومەتەکانیان لەسەر قبوڵکردنی ئاگربەست یان درێژەدان بەشەڕ. ئەو ناکۆکیەش ناو یوئێنیشی گرتۆتەوە. ریزی نارەزایەتیە کرێکاریەکان بەرەو زیادبوون دەچێت لەو شوێنانەی کەبەرهەمی چەک و تەقەمەنیان هەیەو دەنێرێت بۆ ئیسرئیل. نارەزایەتی ریزی مرۆڤدۆستی بەدژی ئەو لایەن و کۆمپانیانەی کە کۆمەکی حکومەتی دەکەن فراواندەبێتەوە.

هەموو ئەمانە لە کاتێکدا ڕوودەدەن، کەئەمریکاو ڕۆژئاوا لە دنیادا ڕووبەڕووی شکست و پاشەکشەیەک بۆتەوە بەتایبەت لە ئاسیاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەلایەک و بەبیانوی کۆمەکی حکومەتی ئیسرائیل پشتکردنە حکومەتی ئۆکرانیا، کە لەئاخرین قسەکانی زیلینسکی سەرۆکی ئۆکرانیا وتی کە ناتۆ بەتەنیا جێیان هێشتین، وە پێشڕەویەکانی روسیا لە ئۆکرانیا، بەناچار ئەمریکاو ناتۆ بۆ ڕێگاچارە دەگەڕێن، لەکاتێکدا لەگەڵ ئەو هەموو قەیرانەدا قەیرانی حکومەتی ئێسرائیلیش یەخەی گرتوون. بەناچار ئەمریکا لەبەرامبەر ترسی هێرشە درۆنیەکانی حوسیەکانی یەمەنداو مەترسی بۆسەر بەرژەوەندی بازرگانیان لە کەنداودا، هاوپەیمانیەکی نوێی دروستکردوە لە ١٠ وڵات لەژێر سەرپەرشتی خۆیدا، لەژێرناوی ئۆپەراسیۆنی پاسەوانی خۆشگوزەرانیدا، لەکاتێکدا کە لە هاوپەیمانی پێشوو بەسەرۆکایەتی سعودیە بۆ بەرگری لە حکومەتی یەمەن و بەدژی حوسیەکان شکستیان هێنا.

درێژەکێشانی شەڕی ئیسرائیل و هەوڵی فراونکردنەوەی بۆ ناوچەکە و جینۆسایدی خەڵکی غەززەو ڕاگوێزانی زۆرەملێ تا دەگاتە پلانەکانی بۆ دوای شەڕەکەی، ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوا، وەک هاوپەیمانەکانی لە ئایندەی دەترسن و بۆیە بەناچاری، هوشداری دەدەن بە ئیسرائیل.

هەربۆیە درێژکێشانی شەڕ و بەرنامەو پلانێکی یەکلایەنە بۆ غەززە و فەلەستین، بەپێی بەرنامەی بەرژەوەندیەتی حکومەتی ئیسرائیل لە کوشتارو کۆچی زۆرە ملێ و نەخشەی ئێستاو دوای شەڕ، چەندە هاوکاریەکانی ئەمریکاو وڵاتانی رۆژئاواش بەردەوام بێت، کە ناتوانێت هەر بەردەوام بێت، ناتوانێت ئارامیەک لەو ناوچەیدا بەدیبێنێت، بەتایبەت بەبێ ڕێگاچارەی یەکجاری ٧٥ساڵەی کێشەی خەڵکی فەلەستین، ئەوا ئەو برینە سارێژ نابێت و بەچەندین شێوەی تر لەلایەک حکومەتی ئیسرائیل کوشتارو کاولکاری دووبارە دەکاتەوە، لەلایەکی ترەوە ئیسلامی سیاسی هێز لە کێشەی فەلەستین وەردەگرن، وەک ئەوەی ئێستا لەناوچەکدا دەبینرێت، کێشەکانی ئەمانە وەک ئێستا دەیبینین ئاگرەکەشی ناوچەکە دەگرێتەوە، بۆیە ڕێگاچارەکانی حکومەتی ئیسرائیل لە بنبەستێکی گەورەدایە بەو دەلیلەی کە جێگاورێگایەکی چەند دەیەی لەمەوپێشی بۆ ئەمریکاو غەرب نەماوە، هەروەها جارێکی تر کێشەی فەلەستین بە کەیسێکی گەورترەوە کە ئەویش جینۆسایدی ئینسانە لەدنیای هاتوهاواری سەرمایەداریدا، هاتۆتەوە ناو کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە.

بەبێ چارەسەری کێشەی فەلەستین هەمیشە قوربانیەکانی خەڵکی مەدەنی فەلەستین و ناوچەکە دەبن، هەربۆیە زەرورە بزوتنەوە نارەزایەتیە جیهانیەکان، بۆ ئاگربەست و ڕێگاچارەی یەکجاری کێشەی فەلەستین بەڕوویاندا بەهێز بکرێت.

**شۆڕشی سۆشیالیستی تەنها لەڕێگای هاتنەمەیدانی چینی کرێکار و جەماوەری ستەمکێش، لە ڕیزێکی ڕێکخراو لە دەوری ئاسۆی سۆشیالیستی و بە ڕابەریی حزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکاردا مەیسەردەبێت؛ بەم پێیەش پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لەهەر هانگاوێکدا ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە پەرەسەندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی و تەحەزوبی کۆمۆنیستی ئەم چینەوە. مەرجێکی سەرەکی پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لە کوردستاندا، دابڕان و سنووربەندی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشە لە ئاسۆ و ئامانج و سیاسەتی بزووتنەوە و ئەحزابی بۆرژوازی. بەتایبەتیش، بەهێزبوونی کۆمۆنیزم لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمی کورد لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی بەرفراواندا، مەرجێکی سەرەکی پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەیە لە کوردستاندا. هەروەها شۆڕشی کرێکاری لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بەپێی بارودۆخ و گرفتەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، لە پرۆسێسێکی جیاواز و لەهەناوی وەڵامدانەوە بەو گیروگرفتانەدا دەڕواتە پێشەوە.**

**لە بەڵگەنامەی "مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە"**

**پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری کوردستان/ تشرینی دووەمی ٢٠٢١**

# دەنگی نارازی تا سەر کپ ناکرێ!

## جەمال موحسین

دوای کۆبوونەوە نارەزایەتیەکەی بەشێک لە نانەواخانە و سەمونخانەکانی هەولێر ڕۆژی ٨ ی جانیوەری، کە تیایدا کەسێک بە ناوی ئیدریس مەسعودەوە بێزاری و نارەزایەتی لە دژی دەسەڵات دەربڕی و بە گەندەڵ و دژی هەژاران لە قەڵەمی دا، لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە ڕفێندرا. پاش فشاری نارەزایەتی و ڕۆژی دواتر ئازاد کرا، بەڵام وا دیارە کە ناچار کراوە لە ڤیدیۆیەکدا داوای لێبوردن و جۆرێک لە پاکانە بکات. چ دەستگیرکردنەکەی و چ بەمجۆرە لاواز نیشاندانەی ناوبراو تاوانێکە کە هێزەکانی ئاسایشی پارتی دژ بە ئەو و خەڵکی نارازی ئەنجامی داوە.

ئەم کارە نمونەیەکی ترە لە خەرمانی سەرکوت و داپڵۆسین و چاوسوورکردنەوە کە ساڵەهایە پارتی دژ بە خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت و نارازی پیادەی ئەکات. پارتی وەک بەشێک لە دەسەڵاتی تاڵانچی و فەرهودکەری داهات و سەروەت و سامانی کۆمەڵگە، ساڵهای ساڵە تەنانەت نانی ڕەقی سەر سفرەی خەڵکی کریکار و زەحمەتکێش و هەژار ئەرفێنێ و لەولاوە ئەیکاتە کۆشک و تەلار و پارەی بلۆککراو و سپیکراوەی دورگە دوورەدەستەکانی دنیا و بەشێکیشی ئەکاتە قورگی دەزگایەکی زەبەلاحی سیخوڕی و سەرکوتکردنەوە دژ بەو خەڵکە. لەپاڵ بە تاڵانیبردنی داهاتێکدا کە ئەبوایە هی هاوڵاتیانی ئەم کۆمەڵگەیە بووایە و بۆ ژیان و خزمەتگوزاری بەکاربهاتایە، هەمیشەش هەر دەنگێک لە دژی بەرز بووبێتەوە، هەر نارەزایەتیەک کرابێ و هەر کەسێک بە ئازادی ویستبێتی ڕەخنە لە دەسەڵاتەکەی بگرێ، سەرکوت و زیندانی کردووە تا ئاستی ڕفاندنی چەندین کەس و تیرۆرکردنیان. ئەم دەسەڵاتە قاچێکی لەسەر دزی و ڕاووڕووتی پارەوپولی کۆمەڵگە و قاچێکی تریشی لەسەر زیندان و کوشتن و داپڵۆسین داناوە. ئەمەیە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئەم دەسەڵاتەیە کە وەلانان و ڕاماڵینی کردۆتە ویستێکی واقعی جەماوەری کرێکار و چەوساوەی کوردستان.

قەدەغەکردنی هەر نارەزایەتی و کۆبوونەوەیەکی جەماوەری بێبەش کە بێمافی و برسێتی و تاڵانیی ئەم دەسەڵاتە تا سەر لوتیان هاتووە و پەلاماردانی هەر کەسێکی نارازی بەر لە هەر شتێک هەوڵێکی داپڵۆسێنەرانەی ئەم دەسەڵاتەیە تا خەڵک لە دژیان ڕانەپەڕێت و بە هێز و ئیرادەی خۆی لایان نەبات. بە تایبەتی زیاد لەهەر کاتێک ئێستا دەسەڵات ئەزانێت کە ژیلەمۆی توڕەیی و نەفرەت لە بنەوە پڕیشکی ئاگرینی گڕکانێکی گەورەیە. ڕفاندن و زیدانیکردنی ئیدریس و هەر دەنگێکی نارازی نانەوەی فەزای ترس و تۆقاندنی خەڵکە کە لە ڕاستیدا خۆی نیشانەی ترسێکی قوڵی ئەم دەسەڵاتەیە لە هەستان و شۆڕشی خەڵکی کرێکار و بێبەش. ڕۆشنە کە دەسەڵاتێکی تاڵانکەر و چەتە ناتوانێ وا بە ئاسانی دەست هەڵبگرێ لەم هێرشانەی بۆ سەر خەڵک و نارەزایەتیەکانی، بەڵام سەرئەنجام تا سەر دادی نادات و لە ڕق و نەفرەتی ئەستوری خەڵک ڕزگاری ناکات.

ئەم دەسەڵاتە ئازادە لەوەدا کە خەڵک برسی و ڕەشوڕووت بکات، بەڵام خەڵک ئازاد نییە کە هاواری نەفرەت بەرز بکاتەوە. گەورەترین نەگبەتی کرێکاران و خەڵکی بێبەش وجودی پارتی و هاوشێوەکانیەتی بەسەر سەریەوە. بەڵام بوونی ئەم نەگبەتیە ناتوانێ ئەبەدی بێت و ناتوانێ لەمە زیاتر گەرووی نارەزایەتی کلۆم بدات. لەو زۆنەی کە هەوڵ ئەدرێ هەر دەنگێکی تیا بخنکێنرێت، بە شێوازی جۆراوجۆر خەڵکی زەحمەتکێش و ئازادیخواز دەنگی لێ بەرزبۆتەوە. سەرئەنجام لێکهەڵپێکانی ئەم دەنگانە لەگەڵ نارەزایەتیەکانی مامۆستایان و فەرمانبەران و کرێکارانی زۆنەکەی تردا گرنگییەکی ئەوتۆی هەیە کە لەبەردەم هەر هەڵسوڕاو و ڕابەرێکی بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریدایە.

★

**فشاری خەڵکی ئازادیخوازی دنیا و بەتایبەتی ڕۆژاوا بۆ دەستبەجێ ڕاگرتنی شەڕی ئیسرائیل لەدژی دانیشتوانی غەززە، ئەو فاکتەرە کاریگەرەیە کە دەتوانێ ئەمریکاو دەوڵەتانی ئەوروپا کە پشتیوانی بێمەرجی ئیسرائیلن لەم تاوانکاریەیدا دژ بە خەڵکی غەززە، ناچاربکات دەستبەرداری پشتیوانی بێمەرجیان بن لە ئیسرائیل و هاوکات فشار لە ئیسرائیل بکەن بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگەکەی دژی خەڵکی منالان و خەڵکی مەدەنی فەلەستینی! کۆتایی جەنگی ئیسرائیل واتە ڕاگرتنی پرۆسەی جینۆسایدی خەڵکێک کە گەمارۆدراون و لە هەموو ئیمکاناتێکی ژیان بێبەشکراون!**